# هاوکێشە نوێیە سیاسییەکانی نێوان تورکیا و عێراق و سووریا

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣، بارودۆخی جیهان بەگشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ئەم گۆڕانکارییانە بە کوشتنی سەرکردە باڵاکانی بزووتنەوەی حەماس و حزبوڵڵای لوبنانی دەستی پێ کرد و تا ڕووخانی ڕژیمەکەی بەشار ئەسەد درێژەی کێشا. گۆڕانکارییەکان بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد کۆتاییی پێ نەهات و دیارە ستراتیژییەتی نوێی ئیسرائیل بە پاڵپشتیی ئەمریکا، ئەوەیە کە کۆتایی بە هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بهێنن. پێ دەچێت ئەم گۆڕانکارییانە پەلبکێشێ بۆ تورکیا و عێراقیش. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوەکانی دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆژەی بەناو ئاشتی لە تورکیا بە دەستپێشخەریی سەرۆکی مەهەپە، دەوڵەت باخچەلی، دەستی پێ کرد و تا ئێستایش لەم بارەیەوە هەندێک قۆناغی گرنگی بڕیوە. عێراقیش لە نێوان دووانەی هاریکاریکردنی ئەمریکا و هێشتنەوەی لەژێر ڕکێفی تاراندا ماوەتەوە و، واشنتۆن گوشارێکی زۆر لەسەر حکوومەتەکەی سوودانی دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە هەژموونی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە عێراق و، دژایەتیکردنی ئەمریکاش بۆ دەرکردنی یاسای حەشدی شەعبی لە دیارترین نیشانەکانی ئەم گوشارەیە. لەم نێوەندەدا تورکیا لەناکاو و ساڵێک بەرلە وادەی کۆتاییهاتنییەوە، ڕای گەیاند کە ئەنقەرە ئامادە نییە گرێبەستی گواستنەوەی نەوتی عێراق نوێ بکاتەوە و چاوی لە گرێبەستێکی نوێیە کە هەلومەرجی ئێستا لەخۆ بگرێت و سوودی زیاتر بۆ ئەنقەرە دەستەبەر بکات.

لە لایەکی دیکە، کارتی بەردانی ئاویش لە تورکیاوە بۆ عێراق، بابەتێکی جەوهەریی ترە کە وا پێ دەچێت چوارچێوە و هاوکێشەی سیاسیی نوێی نێوان تورکیا و عێراق و سووریا سەرلەنوێ ڕێک بخاتەوە. ئەمە جگە لە پێشهاتەکانی سووریا دوای دەستپێکردنی پێکدادانەکانی نێوان درووزەکان و هۆزە عەرەبەکان، کە ئەمەیش ڕێگەی بۆ دەستوەردانی ئیسرائیل لە سووریا خۆشتر کرد؛ کە ئەمەیش وەک مەترسییەکی ڕاستەوخۆ بۆ تورکیا خوێندنەوەی بۆ کرا. لەم چوارچێوەیەدا پێشهاتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هاوکێشە نوێیە سیاسییەکان خەریکە دووبارە لە نێوان سێ وڵاتی گرنگی ناوچەکەـ تورکیا، سووریا و عێراقـ دروست دەبنەوە.

**بۆچی ئەردۆغان گرێبەستی هەناردەکردنەوەی نەوتی عێراقی نوێ نەکردەوە؟**

گرێبەستی هەناردەکردنەوەی نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٣وە لە نێوان عێراق و تورکیا واژۆ کراوە و، چەند جارێکیش هەوڵ دراوە لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی، درێژەی پێ بدرێت. دوایین جاریش لە ساڵی ٢٠١٠ نوێ کراوەتەوە و وادەکەیشی لە ٢٧ی تەممووزی ساڵی ٢٠٢٦ کۆتاییی پێ دێت. بەپێی گرێبەستەکە ئەگەر

هەر یەکێک لەلایەنەکان وازیان لەم گرێبەستە هێنا، ئەوە پێویستە پێشوەختە ڕابگەیەنرێت. لەم چوارچێوەیەدا سەرۆککۆماری تورکیا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، لە ٢١ی تەممووزی ٢٠٢٥ بڕیارێکی لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو کردەوە و تیایدا ڕای گەیاند کە تورکیا گرێبەستی هەناردەکردنەوەی نەوتی عێراق لە ساڵی داهاتووە (٢٧ی تەممووزی ساڵی ٢٠٢٦) نوێ ناکاتەوە.

مشتومڕی زۆر لەمەڕ هۆکاری ئەم هەڵوێستەی تورکیا دروست بوو، کە بۆچی ئەنقەرە هەنگاوێکی لەم جۆرەی ناوە؟ بەگشتی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕاگەیەنراوێکی فەرمیی سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی زانیاریی ناڕاست (Dezenformasyonla Mücadele Merkezi – DMM) کە سەر بە سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیایە. ئەم ڕاگەیەنراوە فەرمییە بەم شێوەیە ئاماژە بە هۆکاری ئەم بڕیارەی ئەردۆغان دەکات: "گرێبەستی هەناردەکردنەوەی نەوتی نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی ١٩٧٣ واژۆ کراوە و لە ساڵی ٢٠١٠ نوێ کراوەتەوە؛ بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ناوچەکە و پێشهاتەکانی بازاڕەکانی وزە، گرێبەستەکە بۆ ڕۆژگاری ئێستا گونجاو نییە." ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێ کەوا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نانەوەی ئەم هەنگاوە، بۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەگەڕێتەوە کە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕووی داوە، بەتایبەت ڕووداوەکانی: ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣، ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا، لاوازبوونی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی لە ناوچەکەدا، جەنگی دوازدە ڕۆژەی ئیسرائیل و ئێران، جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ناسەقامگیریی ڕەوشی سیاسی و ئابووری و ئەمنیی عێراق، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، کارکردن بۆ ئەنجامدانی هەندێک پڕۆژەی ستراتیژی و گرنگی وەک پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و واژۆکردنی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێڕەوی زەنگەزوور لەژێر چاودێریی ئەمریکا؛ گرنگترین ئەو ڕووداو و پێشهاتانەن کە کاریگەرییان لەسەر نانەوەی ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان هەیە. چونکە ئەنقەرە لە کات و ساتێکی ئاوادا کە تیایدا چەندان پێشهاتی گرنگ ڕووی داوە و چاوەڕێیش دەکرێت هەندێک گۆڕانکاریی دیکەی سەرەکی و جەوهەری ڕوو بدات، نایەوێ لە دەرەوەی هاوکێشەکان بمێنێتەوە. بۆیە گواستنەوەی نەوتی عێراق بۆ بازاڕەکانی جیهان، خاڵێکی ستراتیژی و جەوهەرییە بۆ ئەوەی ئەنقەرە شوێنپەنجەی خۆی لە نەخشەی داهاتووی وزەی ناوچەکەدا بکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەم گرێبەستە لە ساڵی ١٩٧٣ واژۆ کراوە و لە ساڵی ٢٠١٠ نوێ کراوەتەوە، بۆیە پێویستیی بە نوێکردنەوەیەکی بنەڕەتی هەیە. واتا لە ئەسڵدا ئەنقەرە دژی ئەم گرێبەستە نییە، بەڵکوو پێی وایە، دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ساڵی ١٩٧٣وە تا ئێستا ڕوویان داوە، گرێبەستێکی فراوانتر و کاریگەرتر واژۆ بکرێت، چونکە هێڵی گواستنەوەی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣وە وەستاوە و نەوت لە ڕێگەیەوە ناگوازرێتەوە؛ ئەمەیش بەهۆی ئەوەی دادگەی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتیی پاریس بڕیارێکی لەم بارەیەوە دەرکرد، کە بڕگەیەکی لە دژی ئەنقەرە و هەرێمی کوردستان بوو- ئەمە بووە هۆی ڕاگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوت و، ئێستا تورکیا دەیەوێت بە میکانیزمێکی نوێ، گرێبەستێکی نوێ لەگەڵ لایەنی عێراقی واژۆ بکات. لەم چوارچێوەیەدا وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکانی تورکیا، ئەلپ ئەرسلان بەیرەقدار (Alparslan Bayraktar) لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی ڕای گەیاند: "توانای گواستنەوەی هێڵی بۆڕیی نەوتی تورکیا-عێراق ڕۆژانە ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار بەرمیلە. هەروەک ئاشکرایە بۆ هەموو لایەک کە ئێستا هیچ بڕە نەوتێک لەم هێڵە ناگوازرێتەوە. لەو کاتانەیش کە نەوتی تێدا دەگوازرایەوە، هیچ کاتێک بە توانای تەواوی خۆی کاری نەکردووە. ئێمە بۆ ئەوەی ئەم هێڵە بەزیندوویی و بەباشی ڕابگرین، لە ساڵانی ڕابردوودا وەبەرهێنانی

زۆرمان تێدا کردووە. لە ڕەشنووسی ئەو گرێبەستەی کە بۆیانمان ناردووە [مەبەستی لایەنی عێراقە]، تیایدا جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە پێویستە گرێبەستە نوێیەکە میکانیزمەکانی بەکارخستنی هێڵەکە بەتەواوی (بەفوولی) لەخۆ بگرێت. ئەو دەقەی کە بۆیانمان ناردووە، لەم چوارچێوەیەدایە." بەم شێوەیە هۆکاری سەرەکی و فەرمیی تورکیا بۆ نوێنەکردنی گرێبەستەکە بەپێی لێدوانە فەرمییەکانەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەنقەرە چاوی لە فراوانترکردنی پرۆسەکەیە و، دەیەوێ هێڵەکە بەردەوام و بە توانای تەواو وەگەڕ بخرێت؛ چونکە توانای گواستنەوەی ڕۆژانەی هێڵەکە ملیۆنێک وپێنج سەد هەزار بەرمیلە.

جگە لەمە خاڵێکی گرنگی دیکە هەیە، ئەویش پڕۆژەی بۆڕیی نەوتی "بەسرە – عەقەبە"یە. سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیە بۆ ساڵانی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، بەڵام لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، نووری مالیکی، دووبارە هاتەوە بەرباس. لە ئەسڵدا ئەم پڕۆژەیە لە چوارچێوەی پڕۆژەی "شامی نوێ"دا پلان بۆ دروستکردنی داڕێژرابوو. هەرچەندە سەرەتای ئەم پڕۆژەیە بە پڕۆژەی "شام" ناو نرابوو بە مەبەستی ئەوەی سووریا و فەڵەستینیش تێیدا بەشدار بن، بەڵام لە کۆتاییدا پڕۆژەکە بووە پڕۆژەیەکی سێقۆڵی لە نێوان عێراق، ئوردن و میسر. پڕۆژەی بۆڕیی نەوتی "بەسرە-عەقەبە" ڕەخنەی لێ دەگیرێت کە هیچ سوودێکی ئابووریی بۆ عێراق نییە- ئەوەی لێی سوودمەند دەبێت، ئوردن و میسرە، لەگەڵ ئیسرائیل. تەنانەت هەندێک، پڕۆژەکە بە پڕۆژەیەکی زایۆنیزم ناوزەد دەکەن، چونکە لە کۆتاییدا پڕۆژەکە لە گەرووی تیران تێ دەپەڕێ. سەرەڕای ئەوەی ئەم گەرووە لەژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیلدا نییە و بەفەرمی لە ساڵی ٢٠١٧وە لەژێر سەروەریی عەرەبستانی سعوودیەیە، بەڵام ئیسرائیل بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتنەکانی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل ومیسر، مافی بەکارهێنانی گەرووەکەی هەیە.

دوای ئەوەی کورتەیەکمان لەسەر ئەم پڕۆژەیە خستە ڕوو، ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: باشە ئەمە چ پەیوەندییەکی بە بڕیارەکەی ئەردۆغانەوە هەیە؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین: بابەتەکە پەیوەندیی زۆری پێوە هەیە، چونکە ئەگەر پڕۆژەی بۆڕیی نەوتی "بەسرە – عەقەبە" جێبەجێ بکرێت، ئەوە ڕاستەوخۆ نەوتی بەسرە لە ڕێگەی عەقەبەوە هەناردە دەکرێت. ئەمەیش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەبێت، چونکە بەپێی پلانەکانی پڕۆژەی بۆڕیی نەوتی بەسرە-عەقەبە، نەوتی بەسرە لەجیاتی تورکیا، لە ڕێگەی عەقەبە و میسرەوە هەناردە دەکرێت؛ ئەمەیش گورزێکی کوشندە لە کەرتی وزەی تورکیا دەوەشێنێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا عێراق دەستی کرد بە دابینکردنی پارەی پێویست بۆ دروستکردنی پڕۆژەی بۆڕیی نەوتی "بەسرە-حەدیسە" کە درێژاییەکەی نزیکەی ٧٥٠ کیلۆمەترە، بە گوژمەی (٤,٦) ملیار دۆلاری ئەمریکی و، لە بوودجەی ساڵی ٢٠٢٤دا جێگیر کراوە. ئەم بەشە، هەنگاوی یەکەمی پڕۆژەی بۆڕیی نەوتی "بەسرە-عەقەبە"یە، کە دواتر دەکرێ لە حەدیسەوە بۆڕییەکە بگەیەنرێتە عەقەبە. بۆیە ئێستا پێش ئەوەی دەرفەتەکە لەدەست ئەنقەرە بڕوات، شەڕەکەی ئەردۆغان لێرەوە دەستی پێ کرد، چونکە ئەنقەرە دەیەوێ لە ناوچەی حەدیسەوە لەجیاتی ئەوەی بۆڕیی نەوتەکە بگەیەنرێتە عەقەبە، دەیەوێ بە بۆڕیی جەیهانەوە ببسترێتەوە و نەوتی بەسرەش لە ڕێگەی تورکیاوە هەناردە بکرێت.

جا لێرە پەیامەکەی تورکیامان بۆ بەباشی ڕوون دەبێتەوە، کە دەڵێ پێویستە بۆڕیی نەوتی عێراق – تورکیا بە توانای تەواوی خۆی بەگەڕ بخرێت کە ڕۆژانە ملیونێک و پێنج سەد هەزار بەرمیل نەوتە. تەنانەت ئامانجی ئەوەیشیان هەیە ئەگەر نەوتی بەسرەی لەگەڵ هەناردە بکرێت، تواناکەی بەرزتر بکرێت. واتا شەڕەکەی ئەردۆغان بۆ ئەمەیشە کە، دەیەوێت هەم بۆڕیی نەوتی بەسرە-حەدیسە بە بۆڕیی نەوتی عێراق-تورکیا ببەسترێتەوە و، هەمیش ئەمە ببێتە هەنگاوێکی ستراتیژی بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەی ڕێگەی

گەشەپێدان کە ئەنقەرە زۆر بەچڕی کار بۆ جێبەجێکردنی دەکات؛ لە هەمان کاتیشدا هەوڵێکە بۆ شکستپێهێنانی پڕۆژەی "شامی نوێ" کە پێگەی ئیسرائیل لە ڕێگەیەوە لە ناوچەکەدا بەهێز دەکات، بەتایبەت لە ڕووی ئابووری و کەرتی وزەوە.

**ڕای گشتی و ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا لەم بارەیە هیچ کاردانەوەی هەیە و، چی دەڵێن؟**

ئۆپۆزیسیۆن لە تورکیا، زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە هەر پەیوەندییەکی ئەنقەرە لە ڕووی بازرگانی و ئابووری و وزەوە، بە شێوەیەکی یاسایی و شەفاف بێت. هەروەها لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەت گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن "جەهەپە"، حزبی گەلی کۆماری، زیاتر لەگەڵ ئەوەدایە ئەم جۆرە پەیوەندییانە لەسەر ئاستی ئەنقەرە و حکوومەتی ئیتیحادیی عێراق بێت. لەم چوارچێوەیەدا دوای بڕیارەکەی دادگەی ناوبژیوانیی نێودەڵەتی لە پاریس لە ساڵی ٢٠٢٣، کاردانەوەیەکی توند لە دژی سەرۆککۆماری تورکیا، ئەردۆغان و حزبی داد و گەشەپێدان (ئاک پارتی) سەری هەڵدایەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی ڕاگەیەنرا کە پێویستە تورکیا بڕی ملیارێک و چوار سەد و حەفتا و دوو ملیون دۆلاری ئەمریکی وەکوو قەرەبوو بداتە لایەنی عێراقی.

مشتومڕی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و عێراق بە شێوەیەکی گشتی درێژەی هەیە و، ئێستایش دوای ئەوەی ئەردۆغان لە ٢١ی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٥ بڕیاری نوێنەکردنەوەی گرێبەستی هەناردەکردنەوەی نەوتی لەگەڵ عێراق ڕاگەیاند، مشتومڕەکانی نێوان گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن، جەهەپە و حکوومەتی تورکیا و ئاک پارتی گەرمتر بووەوە. لەم چوارچێویە جێگری سەرۆکی جەهەپە بۆ کاروباری وزە و سامانە سروشتییەکان، دەنیز یاوزیلماز (Deniz Yavuzyılmaz) لە ڕێگەی هەژماری فەرمیی خۆی لە X ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە دەربارەی هۆکاری نوێنەکردنەوەی گرێبەستی نەوتی نێوان تورکیا و عێراق لەلایەن ئەردۆغانەوە. یاوزیلماز لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئاماژەی بەم خاڵانەی خوارەوە کرد:

**یەکەم:** ئاک پارتی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٨)، بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەتی ئیتیحادیی عێراقی، دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نەوتی لە ڕێگەی هێڵی نەوتی تورکیا-عێراقەوە گواستەوە. لە ڕێگەی ئەم خاڵەوە ئۆپۆزیسیۆن دەیەوێت ڕای گشتی لەوە ئاگادار بکاتەوە، کەوا لەم ماوەیەدا ئەم نەوتە بە شێوەیەکی نافەرمی هەنارده کراوە.

**دووەم:** حکوومەتی ئیتیحادیی عێراق بە پشتبەستن بە گرێبەستی ساڵی ١٩٧٣ تایبەت بە هەناردەکردنی نەوتی عێراق، سکاڵای لە دژی تورکیا تۆمار کرد، چونکە ئەم نەوتە بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەتی ئیتیحادیی عێراق هەناردە کراوە. لێرەش هەوڵ دراوە سەرنجی ڕای گشتی بۆ ئەوە ڕابکێشرێت کەوا تورکیا پابەندی گرێبەستێکی یاسایی باوەڕپێکراو نەبووە.

**سێیەم:** لەم چوارچێوەیەدا دادگەی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی لە پاریس، بە پشتبەستن بە گرێبەستی ساڵی ١٩٧٣ و هەموارەکانی لە ساڵی ٢٠١٠، ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

أ. بەهۆی ئەوەی تورکیا بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەتی ئیتیحادی عێراق نەوتی گواستۆتەوە، بە بڕی نزیکەی (١,٩) دۆلاری ئەمریکی (ملیاردێک و نۆ سەد هەزار ملیون دۆلاری ئەمریکی) سزا درا.

ب. بەهۆی ئەوەی عێراق لە ساڵانی ڕابردوودا تێچووی گواستنەوەی نەوتی بە تورکیا نەداوە، عێراق بەم هۆیەوە بە بڕی (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی سزا درا.

لەم خاڵەدا بەرپرسە باڵاکەی جەهەپە هەوڵی داوە ئەو بڕە پارەیە بخاتە ڕوو کە بەهۆی پابەندنەبوونی تورکیا بە گرێبەستەکەوە وەکوو سزا بەسەریدا سەپێنراوە. واتا لە بارودۆخێکی ئابووری و دارایی خراپ، ئەو بڕە پارەیە ڕاگەیەنراوە یاخود دووبارە بەبیر خەڵک هێنراوەتەوە، کە بەهۆی خراپیی ئیدارەدان و داڕشتنی سیاسەتی هەڵە لەلایەن بەرپرسانی ئاک پارتی، ئەنقەرە تووشی ئەم زیانە گەورەیە بووە- ئەمە بانگەشەی بەرپرسەکەی جەهەپەیە. جگە لەمە جەهەپە ئاماژە بەوە دەکات کە ناوبانگی تورکیا بەهۆی ئەم دۆسیەوە زیانی بەرکەوتووە، چونکە ئەنقەرە بەوە تۆمەتبار دەکات کە نەوتی بەقاچاخ هەناردە کردووە و ڕێگەی بە گواستنەوەی نەوتی قاچاخ داوە.

یاوزیلماز لە کۆتاییدا دەڵێ: "بەهۆی ساختەکارییەکانی ئاک پارتییەوە لەم دۆسیەیەدا، تورکیا باجی ئەم هەنگاوە هەڵەیەی ئاک پارتی دەدات و بە بڕی نزیکەی (١,٥) ملیار دۆلاری ئەمریکی سزا دراوە." هەروەها لە درێژەی ڕوونکردنەوەکەی، یاوزیلماز پێ وایە ئاک پارتی ئێستا سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکە بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە ئاک پارتی وای بۆ دەچێت ئەگەر گرێبەستی ساڵی ١٩٧٣ نەمێنێت، ئەوە تورکیا لە ئەگەری دووبارە دەستپێکردنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ڕووبەڕووی سزا نابێتەوە. ئەمە ڕاگەیەنراوە فەرمییەکەی جێگری سەرۆکی جەهەپەیە بۆ کاروباری وزە و سامانە سروشتییەکان. بەم پێیە بێت، تێڕوانینی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بابەتەکە زۆر جیاوازە، چونکە بۆمان دەردەکەوێت کەوا لە کاتێکدا تورکیا بەدەست قەیرانێکی ئابووری و دارایی سەختەوە دەناڵێنێ، وروژاندنی ئەم بابەتە تووڕەیی شەقامی تورکیا لە دژی ئاک پارتی و ئەردۆغان زیاتر دەکات. هەر لەم چوارچێوەیەدا یاوزیلماز لە ڕوونکردنەوەکەی پێشوویدا ڕای گەیاند، کەوا بەهۆی ئەم کەیسەوە، پێویستە ئەردۆغان لە دادگەی باڵا (Yüce Divan)دا دادگەیی بکرێت.

ئەمەی سەرەوە، دەکرێ وەک هەڵوێستی فەرمیی حزبی گەورە ئۆپۆزیسیۆن ببینرێت، چونکە لەلایەن بەرپرسێکی باڵای جەهەپەوە ڕاگەیەنراوە و، تێڕوانینی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بابەتەکە گرنگە؛ چونکە ئەگەر تەماشای بارودۆخی تورکیا بکەین بەگشتی، بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکان بۆمان دەردەکەوێت کە ئاک پارتی و ئەردۆغان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەنگ لەدەست دەدەن و ڕێژەی دەنگەکانیان کەم دەبێتەوە و، پێویستە بۆ ئەم بابەتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تا ڕاددەیەکیش بێت، بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بەهەند وەربگرێت و فەرامۆش نەکرێت و سەد لە سەد تەنیا پشت بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئاک پارتی نەبەسترێت، چونکە تورکیاش لە سەروبەندی گۆڕانکاریدایە و، پێشبینی دەکرێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ئەگەر لە کەشوهەوایەکی دیموکراسی ئەنجام بدرێت، سۆپرایزی زۆر لەخۆ بگرێت.

**نوێکردنەوەی گرێبەستەکە چ کاریگەرییەکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

ئەنقەرە، سەرەڕای بانگەشەی ئۆپۆزیسیۆن لەبارەی هەوڵەکانی ئاک پارتی و ئەردۆغان بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، بەڵام خاڵێکی گرنگ و بنەڕەتی ئەوەیە کە تورکیا ئەم جارەیان دەیەوێت بە هەر ڕێگەیەک بێت، گەرەنتیی هەناردەکردنەوەی نزیکەی (١,٥) ملیۆن بەرمیل نەوت بکات. بێ گومان ئەگەر لەم بارەیەوە ڕێککەوتنێکی گشتگیر و فراوان

لەگەڵ بەغدا بکرێت، ئەوە خاڵێکی باش دەبێت بۆ ئەنقەرە و تەنانەت بۆ بەغداش؛ چونکە هەر لە ئێستاوە هەردوو لا هەوڵ دەدەن گوشار بخەنە سەر یەکتر بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بێت. بەڵام خاڵێکی جەوهەریی تر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی، نابێ تەنیا سەیری ئەم گرێبەستە بکەین و شیکردنەوەی بۆ بکەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێك بابەت لە نێوان هەردوو وڵات، بۆ نموونە: لایەنی ئابووری، ئەمنی، سیاسی، وزە بە گشت ڕەهەندەکانییەوە و، لە هەمووان گرنکتر بۆ عێراق بابەتی ئاوە، هەروەها بابەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و، بوونی پەکەکە لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان. واتا دەکرێ ئەم بابەتانە بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی نوێکردنەوەی گرێبەستی هەناردەکردنەوەی نەوت لە نێوان ئەنقەرە و بەغدا لەبەرچاو بگیرێن. لە لایەکی دیکە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و جیهانیش کاریگەرییان دەبێت لەسەر دیاریکردنی جۆر و شێواز و ناوەڕۆکی گرێبەستەکە.

لە ئەنجامی ئەم هاوکێشانە، بەغدا سەرەڕای لاوازبوونی ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵام بەتوندی لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانییەوە لە عێراق گوشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر کردووە؛ واتا بەغدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادات گرێبەستەکە بە شێوازێک بێت هەرێمی کوردستان بتوانێ بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا لە هەناردەکردنی نەوتەکەی سوودمەند بێت، چونکە ئێستا شەڕی بەغدا لەگەڵ هەولێر لەسەر ئەوەیە کە دەبێت کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ"، نەوتی هەرێم بفرۆشێت و نەوتی بەرهەمهاتووی هەرێم لە ڕیگەی بەغداوە هەناردەی دەرەوە بکرێت و لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی بەغدا بێت. پێشبینی دەکرێت ئەم هەڵوێستەی بەغدا تا مانەوەی کاریگەریی تاران لە بەغدا بەردەوام بێت، چونکە بە هیچ شێوەیەک ئێران ڕازی نییە کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێش بچێت و هەم هەولێر و هەمیش ئەنقەرە لێی سوودمەند بن. بەتایبەت بواری کەرتی غاز، هێڵی سووری ئێرانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان؛ هەر هەنگاوێک لەم بارەیەوە بنرێت و لە دژی ئێران بێت، ئەوە ڕاستەوخۆ تاران دژایەتیی دەکات. بۆیە کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئاوا بەئاسانی وەبەرهێنانی تێدا ناکرێت، چونکە جگە لەمە، گوشاری ئەمریکا و کۆمپانیای وزەی وڵاتانی بیانی، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سێکتەری وزە لە هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە.

بەرامبەر ئەمە، ئەگەر تەماشایەکی ئەنقەرەش بکەین، بارودۆخەکە بۆ ئەم وڵاتەیش هەندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە. تورکیا بە شێوەیەکی گشتی بیر لە زۆرترین بڕی قازانج و سوود دەکاتەوە پێش ئەوەی لە کەرتی وزەدا هەنگاو بنێت، چونکە بارودۆخی ئابووری و داراییی تورکیا بە قۆناغێکی سەختدا تێ دەپەڕێت_ هەر سوودێک لەم بوارە بۆ تورکیا کاریگەریی جددیی دەبێت لەسەر بارودۆخی ئابووریی وڵات. ئەنقەرە لە نێوان ساڵی ٢٠١٥وە تا ساڵی ٢٠٢٣ بەبێ گەڕانەوە بۆ حکوومەتی ئیتیحادیی عێراق و لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ هەولێر، پاڵپشتیی لە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کرد؛ لەبەر ئەم هۆکارەیە ئۆپۆزیسیۆن لە تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم بڕە نەوتە لەم ماوەیەدا بەبێ ئاگاداریی حکوومەتی ئیتیحادی هەناردە کراوە و، تەنانەت ئەنقەرە ڕێگەی بە حکوومەتی ئیتیحادیی عێراق نەداوە ئۆفیسەکەی خۆی لە بەندەری جەیهاندا بەکار بهێنێت و کۆنترۆڵی بڕی هەناردەکراوی نەوتەکە بکات. هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بانگەشەی ئەوەیش دەکات کە ئەم نەوتەی لەم ماوەیەدا زۆر لە نرخی بازاڕ هەرزانتر کراوە و بە شێوەیەکی نایاساییش هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە. ئەم خاڵە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەردەم بڕی قازانج و سوود بۆ تورکیا پێشینەی هەموو فاکتەرەکانە، تەنانەت ئەگەر کارەکە تا ڕاددەیەکیش نایاسایی بێت. بۆیە دەبینین کە لە کاتێکدا سوود و قازانجی پرۆسەکە کەم بوو و خەریک بوو زیانی زۆر بە

تورکیا بگەیەنێت، بەتایبەت دوای بڕیاری دادگەی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتیی پاریس، ڕاستەوخۆ پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی ڕاگرت و، ئەم بارودۆخە تا ئێستا بەردەوامە. ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە کە کامە لایەن سوود و قازانجی زیاتر بە ئەنقەرە بگەیەنێت، ئەوە تورکیا ئەو لایەنە هەڵدەبژێرێت. بێ گومان ئەمەیش حاڵەتێکی ئاساییە بۆ هەر دەوڵەتێک، کە قازانج و سوودی خۆی لە سەرووی هەموو شتێک دابنێت.

لە ئەنجامدا گرێبەستی هەناردەکردنی نەوت لە نێوان تورکیا و عێراق بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نابێت، چونکە ئاماژەکان لە قۆناغی ئێستادا بەرەو ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکرێتەوە و تەنانەت بەغدا و لایەنە سیاسییە شیعە و سوننەکان لەگەڵ ئەوەدان کەمتر لە پارێزگایەک مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت. بەرامبەر ئەمە، ڕاستە ئێستا پەیوەندییەکانی ئەنقەرە – هەولێر باشە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ پارێزگاریکردن لەم پەیوەندییە باشە، چونکە هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێی کرد، ئەنقەرە زیاتر کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی دەکات و باشترین نموونەیش بۆ ئەمە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە "ڕیفراندۆمی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستان"ە، کە چۆن ئامادە بوو لەگەڵ ئێران و حکوومەتی ئیتیحادیی عێراق ڕێک بکەوێ بۆ ئەوەی ڕیفراندۆمەکە شکست پێ بهێنێت و، بە یارمەتیی تورکیا ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر سەری هەڵدایەوە و تا ئێستا ئەنجامە نەرێنییەکانی– تەنانەت بۆ تورکیاش– لە کەرکووک بەردەوامە.

بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییانە، گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و جیهان ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت و، زیاتر بەرەو ئاراستەی لاوازترکردنی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی بێت لە ناوچەکەدا، ئەوە ئەوکات لەوانەیە پێچەوانەی ئەوەی ئێستا، هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێت؛ بەڵام بە مەرجی ئەوەی سەرکردایەتیی کورد بتوانێ سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت و بە یەکهەڵوێستی جووڵە بکات؛ چونکە یەکێک لە کێشەکانی لایەنە سیاسییە کوردییەکان ئەوەیە کە تا ئێستا نەیانتوانیوە دەرفەتەکان بۆ بەرژەوەندیی باڵای هەرێمی کوردستان بقۆزنەوە.

### سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر گۆڕانکارییە نوێیەکانی سووریا لە پاش پێکدادانەکانی نێوان ئەحمەد شەرع و درووزەکان چییە؟

تورکیا لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا و پێکهێنانی حکوومەتێک بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد ئەلشەرع، چوار بنەمای سەرەکیی بۆ سیاسەتەکەی بەرامبەر بە دۆخە نوێیەکەی سووریا دیاری کردووە: یەکەمیان، داکۆکیکردن لەسەر پاراستنی یەکپارچەییی خاکی سووریایەک کە دوور بێت لە میلیشیا جیاوازەکان. ئەوەی دووەمیان، هەماهەنگیکردنە لەگەڵ حکوومەتی نوێی سووریا لە بواری ئاسایش. سێیەمیان، کە لە هەمووان گرنکترە بۆ ئەنقەرە، ڕێگریکردنە لە دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسیی نیمچەسەربەخۆی کوردی، بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی نزیک تورکیا؛ چونکە هەر لە سەرەتاوە تورکیا جەخت لەسەر تێکەڵکردنی هێزەکانی YPG دەکات لەگەڵ سوپای سووریای نوێ و دامودەزگەکانی دەوڵەتی سووریا. بنەمای کۆتایی بریتییە لە ڕێگریکردن لە فراوانتربوونی نفووزی ئیسرائیل لە سووریا؛ چونکە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، سوپای ئیسرائیل چەند هەنگاوێکی گرنگی ناوە لە سووریا: سەرەتا ژێرخانی بەرگریی سووریای بەتەواوەتی لەناو برد، دواتر بەرزاییەکانی جۆلانی داگیر کرد و، ئێستایش سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنی "سوەیدە"یە، کە تا ڕاددەیەکی باشیش لەم بارەیەوە هەنگاوی ستراتیژیی ناوەتەوە و تەلئەبیب بەتوندی دژی هێرشی هۆزەکانی عەرەب وەستایەوە لە دژی درووزەکان لە سوەیدە. بۆیە دەبینین

ئەنقەرە تەواوی سیاسەتەکانی لە سووریا لە چوارچێوەی ئەم چوار بنەمایە دادەڕێژێت.

هەر دوای ئالۆزییەکانی سوەیدە لە باشووری سووریا و دەستوەردانی سەربازیی ئیسرائیل لە سوەیدە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە و ڕای گەیاند کە سەرکۆنەی هێرشە سەربازییەکان دەکەن و، پێوستە ئەم هێرشانە دەستبەجێ کۆتاییان پێ بهێنرێت. هەر لە درێژەی ڕاگەیەنراوەکەدا جەخت لەسەر پاراستنی ئاسایشی سووریا کراوە و لە ئەگەری بەردەوامیی ئەم جۆرە ڕووداوانە، ئەوە زیانی زۆر بە خەڵکی سووریا و وڵاتانی دراوسێی دەگەیەنێت. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی تورکیا تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە، پێویستە یارمەتیی حکوومەتی سووریا بدرێت و، بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات بەهێز بکرێت. ئەم ڕاگەیەنراوەی تورکیا زۆر بەڕوونی پێمان دەڵێت، کەوا ئەنقەرە لە دوو خاڵی گرنگ نیگەرانە: یەکەمیان، تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی سووریا و دووەمیان، دەستوەردانی ئیسرائیل لە کاروباری سووریا و زیادبوونی نفووزی تەلئەبیب لە سووریا.

ئەنقەرە جگە لە خاڵەکانی سەرەوە، ترسی لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی شاڵاوەکانی کۆچکردنە بەرەو ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ سووریا؛ لە پاڵ ئەمەیش لەوانەیە ئەم ناسەقامگیرییە ببێتە هۆی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ سووریا. ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنیی بۆ سەر تورکیا دەبێت، چونکە ئەنقەرە لە کات و ساتی ئێستادا نایەوێت جگە لە کێشە و گرفتەکانی دیکەی ناوچەکە، ئەم کێشەیەیش قووڵتر بێت و ڕەوشی ئەمنیی ناوچە سنوورییەکان زیاتر تێک بچێت. بۆیە دەبینین سەرەڕای ئەوەی ئەنقەرە یاریکەرێکی سەرەکیی پێکدادانەکانی درووز – هێزەکانی ئەحمەد ئەلشەرع نییە، بەڵام دەیەوێ دیمەشق کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و ڕێگە نەدا بابەتەکە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت یاخود پێکدادانەکان بەرەو باکووری سووریا پەڵبکێشی. هەروەها تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی سووریا و سەرهەڵدانی پێکدادانی تائیفی، مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سیاسەتی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریا، کە لەلایەن ئەنقەرەوە هەوڵ دەدرێت پەیڕەو بکرێت.

بەرامبەر ئەمە، تورکیا بە هیچ شێوەیەک ڕازی نییە بارودۆخی کورد لە سووریا بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێت و، هەوڵەکانی خۆی چڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی سیاسەتی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریا، هێزەکانی یەپەگە لە چوارچێوەی سوپا و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت لە سووریا یەک بخات. بۆ بەجێگەیاندنی ئەم سیاسەتە، ئەنقەرە کار لەسەر هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازی دەکات لەگەڵ حکوومەتی نوێی سووریا، لە ڕووی مەشقپێکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری و پێکهێنانی ژوورەکانی هەماهەنگیی خێرا. تورکیا لە هەمان کاتدا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز دەکات لە ئەگەری شکستهێنانی پرۆسە و هەوڵەکانی تێکەڵکردنی هێزەکانی یەپەگە لەگەڵ سوپا و دامەزراوە فەرمییەکانی سووریا. هەروەها ئەنقەرە ماوەیەکە دەستی بە گەڕاندنەوەی پەنابەرە سوورییەکان کردووە و کار بۆ ئەوە دەکات ناوچەیەکی ئارامیان بۆ دابین بکات. هەر لەم چوارچێوەیەدا پلانی چەندان پرۆژەی نیشتەجێبوون، بەتایبەت لە ناوچەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات داڕشتووە بە مەبەستی بناتنانی ناوچەیەکی سقێل و بێچەک. لە سەروبەندی ئەم پێشهاتانە، ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: ئایا هەڵوێستی تورکیا چۆن دەبێت لە قۆناغەکانی داهاتوو لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە نوێیەکانی ناوچەکەدا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین ئەم سیناریۆ و ئەگەڕانە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** سیناریۆی ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی ئەمنی و سەربازی و سیاسی لەگەڵ حکوومەتی نوێی سووریا

و، کار دەکرێت بۆ لاوازکردنی کورد لە ڕۆژاوا. لە بنەڕەتدا ئەنقەرە دەستی بە نانەوەی ئەم هەنگاوە کردووە و، هانی حکوومەتی نوێی سووریای داوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە لەگەڵ کورد لە چوارچێوەی سووریایەکی یەکگرتوو هەڵسوکەوت بکات. سەرەڕای ئەوەی ئێستا بارودۆخەکە تا ڕاددەیەک ئارامە، بەڵام گەرەنتیی پارێزگاریکردن لەم ئارامییە هەندێک سەختە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە هەڵوێستی هەر یەک لە ئەمریکا و ئیسرائیل گرنگە. ئەگەر ئەنقەرە نیگەرانی و داواکارییەکانیان بڕەوێنێتەوە و جێبەجێیان بکات، دەکرێ لە ڕێگەی ڕێککەوتنی سێقۆڵییەوە ئەم سیناریۆیە لەسەر ئەرزی واقعدا بێتە دی.

بەڵام لەمپەرەکانی بەردەم ئەم سیناریۆیە ئەوەیە کە پێشبینی دەکرێت ئەم هەنگاوە سەر نەگرێت، چونکە بە هیچ شێوەیەک کورد ڕازی نییە چەک دابنێت. بێ گومان دانەنانی چەکیش لەلایەن کوردەوە لە سووریا لە قۆناغی ئێستادا هەنگاوێکی ستراتیژییە لە ڕووی پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بەکارهێنانی ئەم فاکتەرە وەکوو کارتێکی گوشار لە قۆناغەکانی داهاتوو بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر. هەروەها خاڵێکی گرنگتر ئەوەیە کە ئیسرائیل، ئێرانی لە سووریا لاواز نەکرد بۆ ئەوەی ڕادەستی تورکیای بکات و، هەرگیز ئیسرائیل بەوە ڕازی نابێت تورکیا ببێتە شوینگرەوەی ئێران لە سووریا.

**دووەم:** تورکیا گەر نەیتوانی سیناریۆی یەکەم جێبەجێ بکات، ئەوکات کار بۆ ئەوە دەکات نیگەرانییەکانی خۆی بڕەوێنێتەوە لە ڕێگەی درێژەدان بەو بارودۆخەی کە ئێستا هەیە. واتا ئەنقەرە، بەتایبەت ناوچە سنوورییەکانی خۆی لە یەپەگە و هەر لایەن و هێزێک کە دژی بێت، بەدوور دەگرێت و، کاریش بۆ ئەوە دەکات ئەگەر لە دوورەوەیش بێت کۆنترۆڵی باشووری سووریا بکات یانیش هەوڵ بدات لانی کەم کاریگەری لەسەر ئەو ناوچەیە هەبێت. بێ گومان لە ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە، مەترسیی درێژەدان بە بارودۆخی ئێستای سووریا و کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە ڕێگەی هەندێک ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی کاتی، کێشە و قەیرانەکان بۆ ماوەیەکی کاتی سڕ دەکات. بەڵام لایەنێکی خراپی دیکەی ئەم سیناریۆیە ئەوەیە کە کێشە بۆ گەڕانەوەی ئەو پەنابەرە سوورییانە دروست دەکات کە لە تورکیا نیشتەجێن و بارگرانییەکی بەرچاویان دروست کردووە بۆ تورکیا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە.

**سێیەم:** سیناریۆی سێیەم، خۆی لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێز دەبینێتەوە لەلایەن توکیاوە. واتا تورکیا زیاتر هێزی خۆی لە باکووری سووریا کۆ دەکاتەوە، بەتایبەت لە ناوچەکانی تەل ڕەفعەت و منبەج و کۆبانێ. ئەنقەرە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجەی، پشت بە هەندێک لایەنی ناوخۆیی نزیک خۆی دەبەستێت لە ڕێگەی پاڵپشیکردنیان لە ئاسمان و هێرشی مووشەکییەوە. ئامانجی ئەمەیش زیاتر لە ناوبردنی یاخود لانی کەم لاوازکردنی ئیدارەی خۆسەرییە لە ڕۆژاوا. بەڵام گرنگترین بەربەست لە بەردەم ئەم سیناریۆیە، مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو هێزانەی کە لەلایەن واشنتۆنەوە پاڵپشتی دەکرێن، هەروەها ئەگەر ناسەقامگیری درێژە بکێشێت، ئەوە دیسان بەلێشاو پەنابەر ڕوو لە تورکیا دەکەن. جگە لەمانەیش، دوور نییە وڵاتانی ئەوروپییش دژی ئەم هەنگاوانەی تورکیا بوەستنەوە.

**چوارەم:** بەپێی ئەم سیناریۆیە، بەهۆی دەستوەردانی وڵاتانی دەرەکی لە کاروباری سووریا، لایەنە سەرەکییەکانی وەکوو ئیسرائیل، ئەمریکا، ڕووسیا و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی، دەگەنە ڕێککەوتنێکی پێنجقۆڵی بۆ ئەوەی جۆرە سەقامگیرییەک لە سووریا بنیات بنرێت، بە مەرجی گەرەنتیکردنی داواکارییەکانی ئیسرائیل، بەتایبەت لە باشووری سووریا؛ چونکە ئێستا ئیسرائیل بەئاشکرا ئاماژەی بە پڕۆژەی ئیسرائیلی گەورە دەکات. هەرچەندە ئەم پڕۆژەیە مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر وڵاتانی

عەرەبی، بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئەرزی واقعدا هەیە، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئیسرائیل هەژموونی خۆی بەسەر هەر یەک لە سووریا و لوبنان و فەڵەستین و تا ڕاددەیەکیش بۆ سەر عێراق لە ڕێگەی ئەمریکاوە سەپاندووە؛ ئێرانیش ئەگەر وەکوو سووریا کۆنترۆڵ بکرێت و نفووزەکەی لە ناوچەکەدا کۆتایی پێ بێت، ئەوە ژێرخانی سەرەکیی پرۆژەی ئیسرائیلی گەورە تەواو دەبێت و بەشێکی گەورەی لێ جێبەجێ دەکرێت. گرنگترین بەربەست لەبەردەم ئەم پرۆژەیە لەوانەیە وڵاتانی عەرەبە، کە لەوانەیە ئەوها بەئاسانی ڕێگە نەدەن دەوڵەتێکی ئیسرائیلیی فراوان لە نیل تا فورات دروست ببێت، چونکە ئەم پرۆژەیە پێشێلی سەروەریی زیاتر لە شەش وڵاتی سەربەخۆی دانپێدانراو لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەزێنێت.

**کۆبەند**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامە لە کاریگەرییەکان بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی و جیهانی. ئەم ناوچەیە بەردەوام جێگەی مشتومڕ بووە و سەقامگیرییەکەی ڕاستەوخۆ کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ئاستی جیهاندا هەبووە و دەبێت. ئیسرائیل لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆر بەجددی و ئاشکرا نییەتی ڕاستەقینەی خۆی ڕاگەیاندووە کە ئامانجی دامەزراندنی ئیسرائیلی گەورەیە. ئەم پرۆژەیە هەر یەک لە لوبنان و عێراق و سووریا و فەڵەستین و ئوردن و بەشێکی میسر و عەرەبستانی سعوودی دەگرێتەوە. ئەگەر تەماشایەکی سووریا و لوبنان و فەڵەستین و عێراق بکەین، ئەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینین ئیسرائیل تیایاندا زاڵە و کاریگەریی زۆری هەیە لەسەریان. تورکیا بوونی پرۆژەیەکی لەم جۆرە بە مەترسییەکی ڕاستەوخۆ دەزانێ بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی. بۆیە ئەنقەرە هەوڵەکانی خۆی چڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە هاوکێشە نوێیەکاندا ڕۆڵ و پێگەی خۆی جێگیر بکات. لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ و کۆششەکانی خۆی لە سووریا خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ لەنێو هاوکێشە نوێیەکاندا شوێنی خۆی بکاتەوە. دووبارە هاتنەوەی تورکیا بۆ هاوکێشە نوێیەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا هەندێک سەختە بەڵام مەحاڵیش نییە، چونکە ئەردۆغان تایبەتمەندیی خۆگونجاندنی لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا هەیە و شارەزایییەکی باشیشی هەیە لەم بوارە.

سەرەڕای ئەمە، ئەنقەرە، بەتایبەت لە دوای دروستبوونی باردۆخە نوێیەکەی دوای ڕووخانی ئەسەد و پێکدادانەکانی درووزەکان و هۆزە عەرەبەکان و هێرشکردنی ئیسرائیل بۆ سەر سووریا، هەوڵ دەدات بۆ زیاتر جێگیرکردنی نفووزی خۆی لە باکووری سووریا و گشت تواناکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی قەوارەیەکی سەربەرخۆی کوردی لە سووریا؛ بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجەیشی، مەلەفەکانی کەرتی وزە و بازرگانی و ئاو بەکار دەهێنێت بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا. لە هەمان کاتیشدا تورکیا ڕووبەڕووی هەندێک ئاڵنگاری دەبێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەی، لە سەرووی هەموویشیان هاوسەنگکردنی نفووزی خۆی لەگەڵ هەر یەک لە ئێران و ڕووسیا، هەروەها گوشارە ناوەخۆییەکانیش بەردەوامە لەمەڕ گرانیی تێچووی مەعنەوی و سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتیی دەستوەردان لە کاروباری سووریا. بۆیە پێشبینی دەکرێت تورکیا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبێت لە هاوکێشە نوێیە سیاسییەکانی نێوان تورکیا و عێراق و سووریا.